ساڵح عاروری جێگری سەرکی مەکتەبی سیاسی بزوتنەوەی حەماس لەتەقینەوەکەی بەیروت تیرۆرکرا

بزوتنەوەی حەماس بە فەرمی رایگەیاند، لەتەقینەوەکەی ئێوارەی ئەمڕۆی باشووری بەیرووت، ساڵح عاروری جێگری سەرکی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی حەماس بەئامانج گیراوە. بزوتنەوەی حەماس راشیگەیاند، بێجگە لە ساڵح عاروری، دوو سەرکردەی دیکەی قەسامیش لەبەیرووت لەڕگەی ئەم هێرشەوە کوژراون.

ئێوارەی ئەمڕۆ (سێشەممە 2ـی کانوونی دووەمی 2024) تەقینەوەیەك بەری باشووری شاری بەیروتی پایتەختی لوبنانی هەژاند.

تەقینەوەکە لە ناوچەی شیاح – ئەلمەشرەفییەی بەیروت رووی داوە.